ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
WP
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

29
10ی شوبات/ فێبریوەری 2022

## ژنکوشتن بەمەرجی ناسنامە!



موحسن کەریم

ڕۆژی ٤ ی شوبات، قوباد تاڵەبانی، کە بەمیرات لەگەڵ براکەیدا سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیان بۆماوەتەوە، رایگەیاند کە "نابێت هیچ ژنێکی کوژراو بەبێ ناونیشان بنێژرێت". ئەم "داهێنان"ەشی لەمەراسیمی ناشتنی دێکان تارق نوری، یەکێک لە هەزاران قوربانی دەستی دەسەڵات و نەریت و کەلتوری کۆنەپەرستی پیاوسالاری کوردایەتی لەرێگای نوێنەرەکەیەوە ڕاگەیاند!

قوباد تاڵەبانی بە حسابی خۆی دەیەوێ بە رێچکەی باوکیدا بڕوات و خۆی وەکو لایەنگری ماف و ئازادیەکانی ژنان و دژبە ژنکوژی و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان، نیشان بدات. ئەو دەیەوێ وا نیشان بدات کە کەسایەتیەکی سیاسی مۆدێرن و پێشکەوتنخوازەو جیاوازە لە کەسایەتیە سیاسی و حکومیەکانی دیکەی خێزانی کوردایەتی. بەڵام قوباد ناتوانێ ئەو لافە لێبدات بەوەی گوایە لە ئەوروپا و ئەمریکا گەورە بوەو ژیاوە و هەڵگری کەلتوری ئەورووپیە، چونکە ئەو سەر بە خێزانی کوردایەتیە کە نەک هەر لەشاخ، پەرەیان بە فەرهەنگ و کەلتوری کۆنەپەرستانەی دژە ژن و ژنکوژی داوە، بەڵکو لەماوەی سی ساڵی دەسەڵاتی ئەواندا هەزاران ژن بەپێی کەلتور و فەرهەنگی کۆنەپەرستی پیاوسالاری کوردایەتی، ئەنفال

بۆ لاپەڕە 2

## بڕیارنامە دەربارەی دۆخی سیاسی کوردستان و بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری

..لاپەڕە 9



## ناکۆکیەکانی پێکهێنانی دەسەڵات لە بەغداد!

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەڕە 3

## بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە کێشمەکێش لەسەر پۆستەکانی سەرۆکایەتی

.... لاپەڕە(٧)



## ئایە کرێکارانی ژینگەپارێز بەپێی یاسا مافیان پارێزراوە؟

مەهدی ڕەسول

بۆ لاپەڕە 4



## هەلومەرجی سیاسی عێراق دوای هەڵبژاردن!

فوئاد سادق

بۆ لاپەڕە 5



## کرێکارانی ژینگە پارێز... پێویستیان بە پشتیوانییە!

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە 6



## کۆتاییهێنان بە دۆخی چەقبەستوی سیاسی عێراق هاتنە مەیدانی هۆشیارانەو ریزی سەربەخۆی جەماوەری پێویستە!

دەشتی جەمال

بۆ لاپەڕە 11

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی.....ژنکوشتن بەمەرجی ناسنامە!

کراون! توندوتیژی دژی ژنان کراوەتە نەریتێکی پڕڕەوەنق و سوکایەتی و شکاندنی کەسایەتی ژنان پەرەی پێدراوەو هاوکات ژنان وەکو کالا لە بازاڕی سێکسدا کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرێ. لەپاڵ ژنکوژیدا بەبیانوی شەرەف، لەشفرۆشیش کراوتە بازاڕێکی گەرم!

کاتی خۆشی، لەژێر فشاری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا، تاڵەبانی باوک ناچاربوو خۆی وەکو لایەنگری مافەکانی ژنان دەربخات و گوایە دژی ژن کوشتنە! ئەویش رایگەیاند کە هەرچەند وەکو پارێزەرێک بڕوای بە سزای ئیعدام نیە، بەڵام ئامادەیە ئیمزای ئیعدامی ژنکوژەکان بکات! بەڵام دوای بانگەشەکەی شەپۆلی ژنکوشتن لەژێر سایەی دەسەلاتەکەی ئەودا نەک هەر بەردەوام بوو، بەڵکو ژنکوژەکان بەشێکیان بەرپرسانی پلە بەرزی سەربازی حزبەکەی ئەو بوون! ئێستاش قوباد دەیەوێ ڕێگایەک پیشان بدات کە پێشتر بێبایەخی و پووچیەکەی ئەزمون کراوە!

بەڵام ئەمە دیویکی مەسەلەکەیە کە قوباد تێیدا سەرکەوتوو نەبووە. دیوەکەی دیکەی بێ لیاقەتی قوباد تاڵەبانی دەردەخات! قوباد تاڵەبانی دەڵێت نابێت ژنانی کوژراو بەبێ ناونیشان بنێژرێن! واتە ئەو برادەرە تەنها لەوە نارەحەتە کە ژنە کوژراوەکان ناونیشانیان دیارنیە. واتە قەیناکا ژنان لەسەر شەرەف دەکوژرێن بۆ کرینەوەی شەرەفی کوردایەتی، بەڵام تەنها ناو و ناونیشانیان لەسەر کێلی گۆڕەکانیان بنوسرێت! ئەمە گەورەترین دەسکەوتی قوباد تاڵەبانیە بۆ ژنانی قوربانی دەستی پیاوسالاریی کوردایەتی. قوباد دەیەوێ بەو بڕیارەی لەکەیەکی شەرمەزاری لە شانی دەسەلاتی کوردایەتی بسڕێتەوە، تا لەلایەکەوە ئەگەر پێی بکرێ بەشێک لە خەڵک چەواشەبکات و لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەندە لای دۆستە ڕۆژاواییەکانیان وەکو دەسەلاتێکی دواکەوتوو و دژە ژن دەرنەکەون! بەڵام ڕاستیەکەی قوباد یاریزانێکی بێ لیاقەت بوو، نەک نەیتوانی ئەو ڕیسوایەی کوردایەتی بسڕێتەوە، بەڵکو خەجاڵەتیەکی دیکەی بۆ بزوتنەوەکەی و حزبەکەی و دەسەلات و کەلتورو فەرهەنگی کوردایەتی زیاد کرد.

قوباد تاڵەبانی و حزبەکەی و دەسەلات و بزوتنەوەکەی، نەک ناتوانن لایەنگری ماف و ئازادیەکانی ژنان بن، بەڵکو بەدیهاتنی ماف و ئازادیەکانی ژنان و پارێزراوبوونی کەسایەتی ژنان و مامەڵەکردنیان وەکو مرۆڤی تەواو و یەکسان لەگەڵ پیاواندا، تەنها بە پێچانەوەی دەسەلات و یاساو نەریت و کەلتورو فەرهەنگی کۆنەپەرستانەو پیاوسالارانەی حزب و بزوتنەوەکەی قوباد و هاوشێوە و هاوبەشەکانیان لە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامی سیاسی مسۆگەر دەبێت. بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە کوردستان ئەگەر بیەوێ سەر بەرزبکاتەوەو پێشرەوی بکات دەبێ ببێتە بەشێک لە بزوتنەوەی گشتی خەڵکی ناڕازی کوردستان دژی دەسەلاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی.

★

**بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە کوردستان ئەگەر بیەوێ سەر بەرزبکاتەوەو پێشرەوی بکات، دەبێ ببێتە بەشێک لە بزوتنەوەی گشتی خەڵکی ناڕازی کوردستان دژی دەسەلاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی!**


ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

فایبەر: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : عوسمانی حاجی مارف

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرەو سایە

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەمال

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

# ناکۆکیەکانی پێکهێنانی دەسەڵات لە بەغداد

## عوسمان حاجی مارف

ناجێگیری سیاسی لە عێراقدا کێشەو گرێ کوێرەیەکە کە هەرجۆرە ڕێکەوتن و پێکهاتنێک لە نێوان ئەو هێزە سیاسیە میلیشیایی و مافیاییانەی بەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە سەر شانۆی سیاسی عێراق هەڵسورانی سیاسی و گەمەی هاوسەنگی هێزو بازرگانی بەدەسەڵاتەوە دەکەن،لە ئاستێکی دیاریکراودا بە بنبەستی خۆی گەیشتووە.

گومان لەوەدا نیە کە نەک نەیانتوانیوەو نەیانویستوە ئارامی بۆ هەلومەرجی سیاسی عێراق دابین بکەن، بەڵکو ئەو گێژاوو ناجێگیریە سیاسیەیان بەئاستێکی زیاتر و زیاتر و مەترسیدارتر گەیاندووە.

ئەوحاڵەتەی کە بەدوای هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری٢٠٢١دا پێشهات کە زۆر بە ئاشکرا شکستخواردن و ڕێژەی ناهاوسەنگیەکی وەها لە هێزەکانیان دەرهات، کەلە ناو کێشمەکێشی پێکهێنانی حکومەتدا دەرگیر بون و لەبەرامبەر گەورەترین سەرگەردانی و ناکۆکیدا هێزەکانیان لاسەنگ ڕاوەستان.

هەربۆیە ئەو پرسیارە دێتە سەرمێزی هەریەک لەو هێزە تائیفی و ناسیۆنالستانە، ئاخۆ کام حکومەت ئەتوانن پێک بهێنن؟ حکومەتی زۆرینە یان حکومەتی هاوپەیمانی؟ ئیستحقاقی هەڵبژاردن یان هاوسەنگی هێز؟ کێشەکەیان لە دوریانێکدایە کە هەر کامیان هەڵبژێرن، ڕێگاچارەیەک ناخاتە بەردەمیان تا بتوان کۆتایی بە قەیرانی دەسەڵاتی سیاسی و ناجێگیری سیاسی و بنبەستی خۆشیان بهێنن، چونکە نەک هیچ پێشبینیەکی لێ ناکرێت بۆ وەڵام بە نائارامی دۆخی سیاسی عێراق، بەڵکو ناتوانێ کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان خۆشیان دامرکێنێتەوە.

ئەم واقعیەتە ئاکامی دەخالەت و ڕۆڵ وکێشمەکێشی سی ساڵ زیاتری هەوڵی باڵادەستی دەوڵەتی ئەمریکایە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەک تاکە جەمسەرێکی زلهێزی دنیا بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵ و گوندەیی خۆی بەسەر تەواوی دنیای سەرمایەداریدا، کەمایەی داروخان و تێکدانی تەواوی شیرازەی بنەما کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی ناوچەکە و بە ئۆکەرگرتن و بەگەرخستنی چەندین هێزی کۆنەپەرستی ئیسلامی و تائفی و نەتەوەپەرست بوو. لە هەمان کاتدا ئەو هێزە سیاسیانەش بونە بەشێکی سەرەکی لە زیاتر تێکدان و داسەپاندنی ئەوپەڕی دۆخی نالەبارو وێرانکاری و گێژاوی سیاسیدا، بە مانایەک"جێگیر"بونی ناجێگیری سیاسیە.

ئێستاش لە ئاکامی پاشەکشەو بنبەست و شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەو جیهاندا، ئاڵوگۆڕ لە هاوسەنگی هێزی وولاتانی تری زلهێزی دنیای سەرمایەداری و کێبرکێ و وەستانەوەیان لە بەرامبەر ستراتیژو سیاسەتەکانی ئەمریکادا، ڕویداوە دەورانێکی تر لە کێشمەکێش و قەیرانی سیاسی خستۆتەسەر دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری لەسەر گۆرینی پێگەی هێزە سیاسیەکان و ڕەوەندی ئاڵوگۆر لە ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی بە جۆرێکی تر داناوە. پێشهاتەکان ئەوەمان پێدەڵێت کە لەگەڵ هەڵوەشانەوەی حکومەتەکەی عادل عبدالمهدی و پێگەی ئەرینی نارەزایەتیە جەماوەریەکان و بەرێخستنی هەڵبژاردنێکی ڕیسواو شکستخواردو ئایندەی حکومەتی عێراقی خستۆتە ناو تونێلێکی تاریکەوە کە چەند دەروازەی لێڵ و ناروشن نیشان ئەدرێت بۆ هاتنە دەرەوەیان لەو تونێلە.

نائینسجامی و قەیران و بێسەروبەری هێزە سیاسیەکان لە مابەینی بریاردان لەسەر حکومەتی زۆرینەو پەیرەوی دەستور، لە بەرامبەر حکومەتی هاوپەیمانی و ڕێکەوتن، کەوتونەتە ناو گێژاوو دروشمی بێسەروبەری وەهاوە، کە نە حکومەتی زۆرینەی سەدرو بارزانی و حەلبوسی کۆتایی بەو دۆخە نالەبارەی نێوانیان دەهێنێت، نە دەتوانن بە پێکهینانی حکومەتی هاوپەیمانی و ڕێکەوتنی نێوان بەرەی شیعەو کوردو سونە ئەم کێشەو قەیرانە تێدەپەڕێنن.

هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراق لەبەرامبەر ئەو چاوەڕوانیانەی ئاڵوگۆڕێکی تازەی بۆ ئایندەی عێراق هێناوەتە پێشەوە، تەواوی هاوکێشەکان گۆڕدراون لە چۆنیەتی دەخالەتی ئێران و تورکیاوە تا جیگاوڕێگای ئێستای ئەمریکاو بەرامبەرکێ لەگەڵ ڕەقیبەکانی لە ڕوسیاو چین، هەروەها هەوڵ و ڕۆڵی وولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ناوچەکەو عێراقدا. دوای سی ساڵ لە سەرگەردانی و کارەسات و گێژاوی سیاسی، دەورانێکی تر لە پاشەکشەو لێکترازانی هاوسەنگی و پێگەی بەشێکی زۆرلە هێزە میلیشیاکان بونەتە ئەمری واقع، کە کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان بە هیچ یەک لە حکومەتی زۆرینەو حکومەتی هاوپەیمانی بەڕێوەنابرێت وە ئایندەی عێراق کوردستان تاریکتر دەکات. ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لەسەر ڕێدایە دەبێت تەواوی ئەو هێزە سیاسیە میلیشیا ئیسلامی و تائفی و نەتەوەپەرستانەی کە چەندین ساڵە پێکهێنەری حکومەتی عێراقن، بکەونە بەر لێشاوی ئەو ئاڵوگۆڕەو کۆتاییان پێ بهێنرێت، دەنا ئاڵوگۆر هیچ مانایەک نابەخشێت.

کێشەکان بە ئاقاری ئەوەی سەرۆک کۆمار مافی

کێیەوە دەبێت بۆ کێ بێت گاڵتەجاریە..!، حکومەتی زۆرینە یان حکومەتی ڕێکەوتن یان نیوەند گیری و هەرجۆرە حکومەتێک لە نێوان گەمەی سیاسی ئەو هێزانەدا پێک بێت، ئەوە ئەو بەلا بەردەوامەیە کە نزیک بە بیست ساڵە یەخەی خەڵکی عێراقی گرتووە لە ڕودانی کارەسات و نائارامی و نارۆشنی چارەنوسی سیاسی عێراقدا.

ئەم هەراو کێشمەکێش و شەرەی ئێستایان لەسەر سەرۆک کۆمار یان چۆنیەتی پێکهێنانی جۆری حکومەتەکەیان،بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێزی هەر لایەنێکیانە کە بە قازانجی خۆی کاری لەسەر دەکات.گەر سەرۆک کۆمار بۆ پارتی بێت دەستکەوتێکی زیاتر لە پێگەی سیاسی بەدەست دەهێنێت و زیانی گەورە دەبێت بۆ یەکێتی، بەلام سەرۆک کۆمار گەر بۆ یەکێتی بێت تەنها دەتوانێ ئاستی هاوسەنگی هێزەکەی ڕابگرێت و تەنها بەر بەو زلەیە بگرێت کە پارتی لە ئێستادا دەیەوێت لێی بدات، دواتر چی تر ڕووئەدات ئەوە پەیوەستە بەو ئالوگۆڕانەی لە ڕێرەوی چارەنوسی ناوچەکەدایە.

هەوڵدان بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەشبەرەیەکە کە ئامانجی گورز وەشاندنە لە بەرەپێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی شیعەو کەمکردنەوەی دەوری ئێران لە عێراقدا، بەلام ئەم بەرەی حکومەتی زۆرینەیە گەر حکومەتەکەش پێکبهێنن، لەو واقعیەتەوە کە ناتوانن حکومەتێک پێک بهێنن مەرکەزیەتی بۆ عێراق دابین بکات، سەرکەوتو نابن، چونکە ناتوانن پێگەی ئەو حزبە میلیشیایانەی تر لە ناوچەکانی نفوزی خۆیاندا کەم کەنەوە. بەهەمان شێوەش حکومەتی هاوپەیمانی و ڕێکەوتن ئەو ئەزمون و قەوانە سواوە دەبێت کە نارەزایەتیە جەماوەریەکانی بەغداد و شارەکانی خواروی عێراق توانیان نمونەکەی پێشتری وەک حکومەتی عادل عبدالمهدی هەڵوەشێننەوە. بە گشتی پێکهێنانی هەرجۆرە حکومەتێک لە نێوان نەخشەو سیاسەتی ئەم هێزە میلیشیایانەدا دەرگیر بە قەیرانێکی قوڵ و ناکۆکیەکە ناتوانێت حاڵەتێکی نۆرماڵ و گونجاو لە دەسەلاتی سیاسی بدات بەدەستەتەوە.هەر بۆیە جەماوەری نارازی عێراق و کوردستان یەک هەڵبژاردنیان لەبەردەمدایە ئەویش ڕاماڵینی تەواوی ئەو هێزە میلیشیاییانەیە بە خۆیان و دامودەزگاکانیانەوە.

# ئایە کرێکارانی ژینگەپارێز بەپێی یاسا مافیان پارێزراوە؟!

## مەهدی ڕەسوڵ

لە هەرێمی کوردستان بۆرێکخستنی پەیوەندیەکانی کار تائێستاش یاسای ژمارە٧١ی ساڵی ١٩٨٧کاری پێدەکرێت. سەرەرای ئەوەی یاساکە سالانێکی زۆرە لەکاردایەو لە گەڵ هەلومەرجی کارو ژیانی ئێستای کرێکاراندا ناگونجی، بەلام هێشتا خاوەنکارو دەسەلاتیش وەک پێویست برگەو مادەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ ناکەن. بە پشت بەستن بە بڕیاری تاکلایەنەو بێبنەمای یاسایی، خۆیان سیستەمی کارو موچەو مافی کرێکاران بەگوێرەی دڵی خۆیان دیاری دەکەن. جۆرێک ساتوسەودا بەهێزی کاری کرێکارانەوە دەکرێ کە کرێکارانی لە هەلومەرجێکی سەختدا ڕاگرتووەو لەزۆربەری ناوەندەکانی کاردا کرێکارانی بێزارکردوە. خاوەنکارەکارەکان هیچ بوارێکیان بۆ کرێکاران نەهێشتوەتەوە کە بتوانن بەرگری لە مافوداواکاریە یاساییەکانیشیان بکەن. بەشێکی زۆری کرێکاران کۆیلە ئاسا مامەڵە بەهێزی کاریانەوە دەکرێت؛ بۆنمونە دەیانهەزار کرێکار کە لەکەرتی خزمەتگوزاری گشتی کاردەکەن وەک کرێکارانی ژینگەپارێزو کرێکارانی خزمەتگوزاری کەرتی تەندورستی و زۆبەری کرێکارانی کافتریاو مۆڵ و هوتێلەکان، سەدان هەزارکرێکاری بیناسازی، بەپێی یاسا ئەبێ مووچەکانیان یان حەقدەستەکانیان ئەوەندە بێت کە بتوانن لانی کەمی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دەستەبەربکات، کەچی بە ڕێنمایی وەزارەتی کارو بە پشت بەستن بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لایەنی کەمی کرێ بۆ کرێکارێک بە٣٠٠هەزار دینار دیاریکراوە. ئەمە لەکاتێکدا کرێکارێک کە خاوەن خێزان بێت و کرێچی بێت و تەواوی ئەو باج و ڕسوماتەش کە بۆ کارەباو ئاو و تەندروستی و پەروەردەو کرینی پێداویستی ڕۆژانەش هەیەتی دەبێ لەو کرێیە بیدات! ئەوە لەکاتێکدا کە لە زۆر جێگاشدا ڕەچاوی ئەو ڕێنماییانە ناکرێ و کەمتر لەو برە وەکو کرێ دەدرێ بەکرێکار.

ئەمە ئەوەمان پێدەڵێ کەسەرچاوەی مامەڵەکردن و هەرزان ڕاگرتنی هێزی کرێکار حوکمەتە. لەکاتێکدا کە کەرتی خزمەتگوزاری دەخاتە موناقەسەوە، واتە قوتی کرێکاران دەخاتە موناقەسە و کومپانیای کەرتی تایبەت کار پێدەکا، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە سەختەی کە خاوەن کومپانیاکان بەسەر کرێکاراندا دەیسەپێنن. هاوکاتیش هەرحوکمەت خۆی ئەو گرێبەستە پێشێل دەکات کە لەگەڵ کومپانیاکاندا ئەنجامی دەدات و سولفەیان پێنادات. هەموو ئەم حاڵەتە نایاساییانە هەن و کاتێکیش کرێکاران داوای مافی خۆیان دەکەن خاوەن کومپانیا هەرەشەیان لێدەکات وغەرامەیان دەکات. بۆنمونە لەم ڕۆژانە ٦٠ کرێکار لەکەمپی تەکیەی کاکەمەند کە بۆماوەی ٦٢ ڕۆژە

بەبیانوی ئەوەی حوکمەت سلفەی راگرتووە، موچەکانیان کە ٣٠٠هەزارە، لەلایەن کومپانیای شکارەوە نەدراوە و ئەوانیش وەکو نارەزایەتی کاریان راگرتووە، بەلام چاودێری بەرێوەبەراتی گشتی شارەوانیەکان هوشداری داوە بە کومپانیای شکار کە غەرامەیان دەکات چونکە کومپانیا پێشیلی گرێبەستی کردووە و شار پیس بووە! کومپانیاش بۆ قەرەبووکردنەوەی غەرامەی شارەوانیەکان، هەرەشەی لە کرێکارەکان کردووە کە ئەگەر حوکمەت کۆمپانیا غەرامە بکات، ئەوا کۆمپانیاش هەر کرێکارێک بە بڕی ١٥٠ هەزار دینار غەرامە دەکات! ئەمە نمونەیەکی زیندووە. لەلایەکی ترەوە بەرێوەبەری گشتی وەزارەتی کار دەڵێ خاوەنکار بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و کرێکاریش بەهەمان شێوەو یاسا لەسەرو هەموو شتێکەو موچەی کرێکارانیش نابێت بەهیچ بیانویەک دوابخرێت ، فەرمون ئەوەش مادە چواری یاسای کارپێکراوە لەهەرێمی کوردستان

مادەی ٤ لەیاسای ژمارە ٧١ی ساڵی ١٩٨٧

" ئەم یاسایە حەقدەستی دەستەبەر ئەکات بۆ کرێکار کە بتوانێت لایەنی کەمی ژیان بۆ خۆی و خێزانەکەی مسۆگەر بکات، وە هەلیشی دەداتێ کە لەو پێشکەوتنە ئابوریەی بەدەست هاتووە کەڵک وەرگرێ و لەسەر ئەو بنەمایەش چاو لەدیاریکردنی حەقدەت دەکرێ بەم جۆرە:-

یەکەم-جۆری ئەوکارەی کە کرێکارەکە ئەنجامی ئەدا و چەندایەتیەکەی ،بۆئەوەی کە موچەکەی پابەند بێت بە بەرهەمەکەی

دوەم-یەکسانی لە حەقدەستدا بۆ کاری وەک یەک لەبەرهەم وجۆردا ،کە لە هەلومەرجی وەک یەکدا ئەنجام دەدرێ.

سێیەم -پارێزگاری لە موچەو حەقدەستەکان بەجۆرێک کە هیچی لێ نەبردرێت تەنها ئەو برە نەبێت کە بەیاسا بریاری لێدەدرێت و بۆئەوە بێت کە کرێکارەکە پاشەکەوتێکی هەبێت تا ژیانی خۆی وخێزانەکەی پێ بەرێتەسەر بە شێوەیەکی شایستە. بەگوێرەی ئەوەی ئەم یاسایە بریاری لەسەر ئەدا."

ئێوە سەرنجی یاساکە بدەن وخۆتان دادوەربن و چارەسەرێک بۆکرێکارانی ژینگەپارێزی تەکیەو هاوشێوەکانیان بدۆزنەوە لەنێوان کێشمەکێشی حوکمەت و خاوەن کومپانیان چی بکەن؟ ئەم کرێکارانە زۆربەی هەرەزۆریان کرێچین و ئەو مووچەیەی وەریدەگرن بەشیان ناکات. ئەگەر کومەک و هاوکاری خەڵک نەبێت ناتوانن ژیانیان بەرێ بکەن. تەنانەت منداڵەکانیان لەجیاتی شیر شەکراویان پێدەدەن!

★

# هەلومەرجی سیاسی عێراق دوای هەڵبژاردن

## فوئاد سادق

گۆرەپانی سیاسی عێراق لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ دا، گۆرانکاری گەورەو تازەی بەخۆوە بینوە. کێشمەکێشی لایەنە سیاسیەکان بۆ چارەنوسی دەسەلاتی سیاسی، چۆتە ئاستێکی بالاترەوە. هەلبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی عێراق، هەولێکی دەسەلاتی بۆرژوازی بوو، لە شارێی لەباربردنی دەستکەوتەکانی راپەرینی ئۆکتۆبەرو بەتاڵکردنەوەی لەهەر نوزەیەکی شۆرشگێرانەو رادیکالی. راپەرینی ئۆکتۆبەر گورزێکی کاریگەر بوو لە پرۆسەی سیاسی تەوافقی نێوان ئیسلامی و مەزهەبی و قەومی و میلیشیا چەکدارەکان. ئەمە قلشتی نێوان دەسەلاتی سیاسی و جەماوەری گەورەتر کردووە. جەماوەری نارازی لەوە گەیشت، کە ریفۆرم و هەلبژاردن لەسایەی ئەم دەسەلاتە سیاسی و میلیشیایەدا ئیمکانی نییە. ئەم هەلویستەی خەلکی عیراق، سەرئەنجام کاریگەری لەسەر رێژەی بەشداربوون لە هەلبژاردن و ئەنجامەکانی بەجێهێشت. لەلایەکەوە زیاتر لەسەدا هەشتای خەلکی عێراق و کوردستان بایکۆتی هەلبژاردنیان کرد، لەلایەکی ترەوە بالێکی بورژوا ناسیونالیستی (نیشتمانی) کە گوایە دژی دەسەلاتی میلیشیاین، چانسی زیاتریان هەبوو لە هەلبژاردندا لە هێنانی کورسی زیاتری پەرلەماندا. ئێستا یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی دەسەلاتی بورژوا لە عیراقدا دەرگیری بووە، چونیەتی پێکهێنان و دامەزراندنی دەولەت و حکومەتە. ئەمە جگە لەوەی خواستێکی ناوخۆیی بۆرژوازیە لە عێراقدا، لەبنەرەتدا خواستی هێزە سیاسی و دەولەتیەکانی سەرمایەداری جیهانیە بۆ چارەسەری کێشەکەو چارەنوسی دەسەلاتی سیاسی. ناکۆکی نێوان بالەکانی ئیسلامی سیاسی پالپشت بەئێران و بالی ناسیونالیستی پالپشت بە ئەمریکاو هەندێ لە وولاتانی کەنداو، لەسەر مانەوە یان کۆتاییهێنان بە دەزگای حەشدی شەعبی و یەک دەستکردنەوەی هێزە سەرکوتگەرەکانی دەولەت لە سایەی دەسەلاتی یەک پارچەیی بورژوازی و یاساکانیدا، کێشمەکێشەکانی ئێستای باڵە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی لە عێراقداو ململانێی پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق، بەهەردوو رەوتەکەوە چ لایەنگرانی حکومەتی زۆرینە چ لایەنگرانی حکوومەتی رێکەوتن لەم چوارچێوەیەدا بەرێوە دەچێ. لەهەمان کاتدا

شەڕی پۆستە سیادیەکان لەبابەت سەرۆک کۆمارو سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان درێژەی هەمان سیاسەتە. ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمارکێشەکە کەمتر لەسەر پۆستەکەیە زیاتر کێشە بنەڕەتیەکە لەسەر جێگیربونی جێگاو ڕێگای هەر یەک لە پارتی وەک پاشکۆی تورکیاو یەکێتیش وەک پاشکۆی ئێران، هەنگاوێک کە لەم نیوەدا پارتی دەستی پێکردوە، سەپاندنی خۆیەتی وەک تاکە نوێنەری ناسیۆنالیزمی کوردو تاکە مەرجەعی کوردستان لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەم ڕەوەندەدا، لەهەوڵی پاشەکشەکردن بە یەکێتی لە جێگاوڕێگایەک کە لە دەورانی پێشوی لێ بەهرەمەند بووە، یەکێتیش بۆ دەستگرتن بەمەوقعیەتی خۆیەوە ئەیەوێ بۆ زیاتر پاشکۆ بوونی بە ئێرانەوە بەر بەم هەنگاوەی پارتی بگرێت.

بەڵام سەرئەنجام ئەم هەڵومەرجە بوەتە هۆی گەورەبونەوەی قڵشتی نیوان دەسەڵاتدارانی کوردستان بەگشتی و قڵشتی نێوان پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، ئەم گۆڕینی هاوکێشەیەو ململانێیە بۆ لایەنە سیاسیەکانی عێراقیش لە هەمان چوارچێوەدایە.

ئەم وەزعەی عێراق و کوردستان بەهەر جێگایەک بگات پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە یان حکومەتی ڕێکەوتن و تەوافقیە. سەرەنجام ناتوانێت سودێک بەخەڵکی عێراق و جەماوەری نارازی بگەیەنێت. بۆ لەمەودوا ئێمە شایەتی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەری نارازی دەبینەوە، بە ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەو سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی فراوانترو ڕادیکاڵتر لە خواست و داواکاری و بەهێزتر لەدەرکەوتن و ڕاوەستاوی لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق و کوردستاندا.

☆

# کرێکارانی ژینگە پارێز... پێویستیان بە پشتیوانییە!

## عەبدوڵا مەحمود

ماوەی چەند ڕۆژێکە بەشێک لە کرێکارانی ژینگەپارێز کە ئەرکی کۆکردنەوەو پاککردنەوەی گەڕەک و شەقامەکانیان لە ئەستۆیە، بەهۆی دواکەوتنی موچەی مانگانەکەیان دەستیان داوەتە کۆبونەوە و مانگرتنی نارەزایەتی. بەو هۆیەوە بەشێکی زۆری شەقام و گەڕەکەکان بەتایبەتی چوار زۆنی سلیمانی و بەشێکیش لەقەزاو ناحیەکان، خۆڵ و خاشاکێکی زۆری لێ کۆبۆتەوە و سیمایەکی ناشیرینی بەخشیوە بەو گەڕەک و شەقامانە. هەروەها لەپاڵ مانگرتنی بەشێکی کرێکاران لەبەردەم کۆمپانیاکان بۆ داوای موچە دواخراوەکانیان، بەشێک لە کۆمپانیاکانیش بەپاساوی نەدانی بودجە و شایستە داراییەکانیان لەلایەن حکومەتەوە خۆیان کارەکانیان ڕاگرتووە و موچەی کرێکارەکانیان نادەن.

مانگرتنی کرێکاران بۆ موچە دواخراوەکانیان و دانی موچەی تەواوی کرێکارانی ئەو کۆمپانیایانەی کە خۆیان کارەکانیان ڕاگرتووە، مافێکی بێ ئەولاولای کرێکارانەو نابێ بەهیچ شێوەو پاساوێک دوابخرێت یان ڕابگیرێت. کرێکاران لەگەڵ کۆمپانیاو خاوەن کۆمپانیاکان بەرەوڕوون و پەیمانامەی کارکردنیان لەگەڵ ئەوان هەیە نەک حکومەت و شارەوانی.... بۆیە نابێ کرێکاران ببنە قوربانی ململانێ و کێشەی نێوان کۆمپانیاکان، لەگەڵ حکومەت و شارەوانی... تاد.

ئەگەر کۆمپانیاکان و خاوەن کارەکان خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان و مانگانە لەسەر شان و ئارەقەو ماندووبوونی کرێکاران بە ملیۆنان دینار و دۆلار قازانج و کەڵەکە دەکەن و کێشەی ژیان و گوزەرانیان نییە، ئەوا کرێکاران جگە لە فرۆشتنی هێزی کاریان، هیچی تریان نییە. ئەگەر موچەی مانگانەیان لەکاتی خۆیدا پێ نەدرێت خۆیان و خێزانەکانیان ڕووبەڕووی دۆخێکی یەکجار سەخت دەبنەوە. سەرچاوەی بژێوی کرێکاران کاری ڕۆژانە و موچەکەیانە و مافێکی ڕەواو حاشاڵێنەکراوی کرێکارانە کە دەبێ دەستبەجێ و بێ پاساو هێنانەوە بدرێت. ئەو ڕۆژانەش کە کۆمپانیاکان خۆیان کاریان ڕاگرتووە، دەبێ موچە کرێکارەکانیان بدەن. ڕاگرتنی کاری کۆمپانیاکان، لەلایەن خاوەن کارەکانەوە هیچ پەیوەندی بە کرێکارەکانەوە نییە.

مانگرتنی کرێکارانی ژینگەپارێز و ڕاوەستانی کاری چەند کۆمپانیایەک، کە کرێکاران بەڕێوەی دەبەن، نیشانی دایەوە کە جێگاو ڕێگای چینی کرێکار لە کۆمەڵگەدا چەندە بناغەیی و میحوەرییە. ئەگەر شەقام و گەڕەک و شارەکان سیمایەکی جوانیان هەیە، ئەوە بەرهەمی ماندووبوونی و کاری کرێکارانە... ئەگەر کرێکارانی ژینگە پارێزو شارەوانی کار ڕابگرن، کۆمەڵگە نوقمی دزیوی دەبێت و بۆگەناو ژیان لە هاوڵاتیان دەشێوێنێ و تەندروستی کۆمەڵگە بەسەریەکدا دادەرمێت... خۆ ئەگەر بەشەکانی تری چینی کرێکار لە کارگەو کارخانەکان، لە بیناسازی و هاتووچۆ، تا دەگاتە کێڵگەکانی بەرهەم هێنانی نەوت و گواستنەوە،...تاد، دەست بدەنە مانگرتن، کۆمەڵگە لە جوڵە دەخەن و ئاسەوارێک لە ژیان و گوزەران نامێنێ. موچەی مانگرتنی کرێکارانی ژینگە پارێز، و زامنبوونی موچەی ئەو کرێکارانەی کۆمپانیاکان خۆیان کاریان ڕاگرتووە، مافێکی ڕەوایەو دەبێ

پێیان بدرێت، لەو راستاییەدا ئەرکی بەشەکانی تری کریکارانی ژینگەپارێزو و بەشەکانی تری چینی کریکار و تەواوی کۆمەڵگەیە کە پشتیوانی لە داخوازی رەوای کرێکارانی مانگرتوو، بکەن و ببنە پشت و پەنایان.

کۆمپانیاکان بە مەبەستی گوشارهێنان بۆ دەسەڵات و هاوکات بە مەبەستی خۆدزینەوە لە دانی موچەی کرێکارەکانیان و رێگەگرتن لەوەی دەست ببەن بۆ مانگرتن، کاریان راگرتووە، واتە ئەم هەنگاوەی کۆمپانیاکان چەواشەکارییەکی ئاشکراو فریوکارییەکی رۆشنە. مانگرتنی کرێکاران بۆ موچەکانیان، هەنگاوێکی پێشرەوانەیە و تەنها رێگەش بۆ بەدەستهینانی موچە دواخراوەکانیان، هەر بەردەوامیدانە بە خەبات و مانگرتن و بەدەستهێنانی پشتیوانی بەشەکانی تری چینی کرێکار و تەواوی جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگەیە. خەڵکی چ لە شوێنی ژیانیان لە گەرەکەکان و چ لە شوێنی کاریان و دوکان و بازارەکاندا، پارەی پاککردنەوە و کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک دەدەن، بە دەسەلات و کۆمپانیاکان... کەچی بەو حاڵەشەوە کرێی کرێکارەکان نادەن.

کرێکاران لە خەباتیاندا بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان، دەبێ ئەو راستیە سەلماوە وەکو ئەڵقەو میدالیایەک بەسینەوە هەڵبواسن، کە ئەگەر رێکخراو و یەکگرتوو نەبن، ئەگەر لەپشتی یەکتری نەبن، ئەگەر پشتیوانی لە داخوازیەکانی یەکتری نەکەن، ئەگەر بەهێزی یەکگرتوانەو رێکخراوەوە روبەرووی خاوەنکارو کۆمپانیاکان نەبنەوە، ناتوانن بەرگری لە مافە زۆر سەرەتاییەکانی خۆیان و کارو موچەکانیان بکەن.

کرێی کرێکارانی ژینگەپارێز مانگانە تەنها ٣٠٠ بۆ ٣٥٠ هەزار دینارە، کە ئەو موچەیە، بەبەروارد بە پێداویستەکانی خێزان و بە گرانی بازار و سەختی ژیان هێندە کەمە، کەبەشی هەفتەیەک ناکات. ئەو مانگانە پارەیەی کە کرێکارانی ژینگەپارێزو زۆری بەشەکانی تری چینی کریکار هەیانە، زۆر کەمترە لەو پارەیەی خاوەن کۆمپانیان و سەرمایەداران، رۆژانە دەیدەن بە مناڵە تەسەلەکانیان و بەشی ئێوارە خوانیکی تایبەتی خیزانەکانیان ناکات. کەچی ئەو موچە کەمەش لەبەرامبەر کارێکی قورس و یەکجار ئینسانیدا، بە کرێکاران رەوا نابینین.

کرێکارانی ژینگەپارێز نابێت بەتەنها جێ بهێڵرێن تا چەند کۆمپانیایەکی چاوچنۆک و دەسەڵاتی تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتی، کایە بە ژیان و گوزەرانیانەوە بکەن و بە پاساوی بێبنەما موچەکانیان ببڕن یان دوای بخەن.

☆

# وەڵامی خەڵکی نارازی بە کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەی لایەنەکان لەسەر پۆستەکانی سەرۆکایەتی، پەرەدانە بە بزووتنەوەی جەماوەری لە پێناو ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەدا!

پاش کۆتایهاتنی بەناو هەڵبژاردنە ریسواکەی پەرلەمانی عێراق، هەراوهوریا و کێشە و ململانێی لایەنە قەومی و ئیسلامیەکان، لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆک کۆمار و پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەت، فەزای کۆمەڵگای داگرتوە. لەم کێشمەکێشەدا هەم بازاڕی سات و سەودا و هەم پیلانگێڕی و هەڕەشە و هاوپەیمانی کۆنپەرستانە، هەموو سنوریکی بەزاندوە و هەم بازاڕی کڕینی دەنگی ئەندام و کتلە پەرلەمانیەکان و ڕیاکاری و بەخشینەوەی درۆ و فریوکاری گەرمکراوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە کارنامەی سەرجەم کاندیدەکان شتێک نییە جگە لە گەندەڵی و دزی و بەتاڵانبردنی داهاتی کۆمەڵگە. ئەم تاقمە قەومی و دینیە کۆنەپەرستانەی کە گوایە لە پێناو خزمەتکردنی خەڵکدا پێشبڕکی لەسەر ئەو پۆستانە دەکەن، هەر هەمان ئەو لایەنانەن کە نزیکەی بیست ساڵە ژیانی جەماوەری کرێکار و ستەمدیدی عێراقیان نوقمی نەهامەتی و کۆنەپەرستی و جەنگ و تیرۆر و سەرکوت و برسێتی کردوە .

کێشمەکێش و هەراوهوریای ئەم هێزو لایەنە بۆرژوازیانە، لەسەر دەسەڵات و بەتاڵانبردنی داهات و قایم کردنی پێگەی خۆیانە لە ناو هەلومەرجی تازەی عێراقدا. هەلومەرجێک کە دوای ناکامی و کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە و پەرەگرتنی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و راپەرینی ئۆکتۆبەر و سەرئەنجام شکستی دەوڵەتی محەسەساتی هاتوەتەکایەوە، لە ئەنجامدا هاوکێشەی سیاسی پێشوی هێزەکانی لەعێراقدا تێکداوە. واتە ئەو سیستەم و پرۆسە سیاسیە شکستی خوارد کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە جەنگ و کاولکاری بە ناوی دیموکراسی و نیزامی پەرلەمانیەوە لەسەر بنەمای قەومی و دینی و تایفەگەری بەرپایان کرد. هاوکاتیش بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کە فاکتۆرێکی کاریگەر بوو لە بەشکست کێشانی ئەو پرۆسە سیاسیەدا، یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەو قەیرانی حکومەتیەی کە تائێستا لە ئارادایە.

لایەنێکی تری ریاکاری و فڕوفیشاڵی براوەکانی سیناریۆی هەڵبژاردن سەبارەت بە چاکسازی و خزمەتکردنی خەڵک، ڕووی لەوەیە کە ئەم بزووتنەوە جەماوەریە خامۆش بکاتەوە.

شەڕ و دەعوای ئێستای لایەنە بورژوازیە قەومی و دینیەکان لەسەر دەسەڵات و پۆستە سەرەکیەکان، دەرهاویشتەی ئەم ئاڵوگۆڕانەیە کە بە تایبەتی دوای کۆتایهاتنی جەنگی بە وەکالەت و شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا و کشانەوەی لە ناوچەکە هاتوەتە ئاراوە. ئەم دۆخە هێزهاوسەنگیەکی تازەی دروست کردوە و سەرجەم ڕەوت و باڵەکانی بۆرژوازی، لە هەوڵی ئەوەدان پێگەی خۆیان لەناو ئەم هێزهاوسەنگیە تازەیەدا و لەپرۆسەی سەرلەنۆی سازادنەوەی دەوڵەت لە عێراقدا بەهێز بکەن.

کێشە و ململانێی ئێستای نێوان ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە و سوننە، مانۆری هێزە میلیشیایەکانی سەر بەئیران و حەشدی شەعبی، تادەگات بە قوڵبونەوەی قڵشت و ناکۆکی نێوان پارتی و یەکیەتی و مزایەدەی سیاسی کتلە بچوکەکانی ناو پەرلەمان، سەرجەم دەرهاویشتەی ئەم دۆخە تازەیەیە و لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی خۆیانە لەو هاوکێشە سیاسیە تازەیەدا کە لە عیراقدا بەڕێکەوتوە. هەموو ئەمانەش نەک تەنیا هیچ پەیوەندیەکیان بە خواست و ئامانجەکانی خەڵکی عێراق و بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریەوە نییە، بەڵکو پێشبرکێیە لەسەر بە تاڵانبردنی زیاتری قوتی خەڵک و ساغکردنەوەی سیستەمیکی سیاسی کۆنەپەرستانە و تاساندنی دەنگی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری.

یەکێتی و پارتی کە دوای بنبەست و شکستی ستراتیژی سەربەخۆی سیاسی و ئابورییان، لە پێشبرکێدان لەسەر گەڕانەوە بۆ بەغدا، لەگەڵ لایەنە ئیسلامیە کۆنەپەرست و تائیفەگەرە شیعی و سوننەکان و ئەو میلیشیا ئینسانکوژانەدا کەوتونەتە هاوپەیمانی کە بە هێرشی ملهوڕانەیان ئیرادەی خەڵکی کوردستانیان هاڕی و وەکو خۆیان دەڵێن "لە سەدا پەنجاویەکی خاکی کوردستانیان" خستە ژێر پۆستاڵەوە. بەمپێیەش ئەوە یەکیتی و پارتی و لایەنە بورژوا ناسیونالیستەکانە کە ئامادەن بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانیان دەستبخەنە نێودەستی کۆنەپەرسترین لایەنی ئیسلامی و قەومی عەرەبیەوە و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانە ببەستن کە خەڵکی کوردستانیان نان بڕاو کرد و لەشکرکێشییان کردە سەر خەڵکی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان.

کێشمەکێشی یەکیتی و پارتی لەسەر پۆستی سەرۆک کۆماری کارتۆنی عێراق، کە لەژێر پەردەی خزمەتکردنی خەڵک و بەهیزکردنی پێگەی کورد و بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بەڕێوەدەچێت، لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتی تاڵانگەرانە و گەندەڵ و ستەمکارانەی ئەم دوو حزبە، خەڵکی کوردستانیان گیرۆدەی جۆرەها نەهامەتی و نەداری و بێدەرەتانی کردوە. ئەم دوو حزبە لە کاتێکدا بە فڕوفیشاڵی بەرگری لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان، پێشبرکێیانە لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، کە کۆتایهینان بە دەسەڵاتیان بوە بە ئامانج و ئارەزویەکی گەورەی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەری بەرفروان بۆ هەڵپێچانی دەسەڵاتیان لە مەیداندایە. هەر بۆیە هەروهوریا و کێشمەکێشی ئەم لایەنانە نەک هەر هیچ پەیوەندیەکی بە ماف و خواستەکانی خەڵکەوە نەبوە و نییە، نە لە عێراق و نە لە کوردستان، بەڵکو لە دوالێکدانەوەدا پێشبڕکێیە لەسەر بەتاڵانبردنی قوتی خەڵک و خامۆش کردنی ئەو بزووتنەوە جەماوەریەیە کە هەم لە کوردستان و هەم لە عێراقدا بۆ هەڵپێجانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی ئەم هێزە قەومی و دینیانە لە مەیداندایە.

سەرۆک کۆماری کارتۆنی سیستەمێکی کۆنەپەرستانە ئەگەر لە پارتی بێت یان لەیەکیتی، سەرۆکی حکومەتێکی گەندەڵ و ستەمکار، ئەگەر سەدرییێت یان مالیکی، هەر هیچ لەو واقعیەتە تاڵە ناگۆڕێ، کە خەڵکی مەحرومی سەراسەی عێراقی گرفتار کردووە. وەڵامی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق و کوردستان بەم کێشمەکێشە تەنها یەک شتە؛ پەرەپێدانی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری هاوپەیمان و هاوچارەنوسی خەلکی عیراق و کوردستان، لەپێناو رامالینی هەموو ئەم هێزە کۆنەپەرست و ستەمکار و تالانچیانە و بەرپاکردنی سیستەمێک کە پشتی بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک بەستبێت و خواست و ئامانجە دەمودەستەکانی خەڵک لە نان و ئازادی و خزمەتگوزاری مەیسەر و فەراهەم بکات.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٥/٢/٢٠٢٢**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خەبات دەکات**
**بۆ وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستەکان و بەرپاکردنی دەسەڵاتی شوراکانی خەڵک، وەکو دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕانەی پشتبەستوو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەر، کە دەستبەجێ خواستەکانی جەماوەر و بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار جێبەجی دەکات.**

## بڕیارنامە دەربارەی؛

# دۆخی سیاسی کوردستان و بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری

### پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

– لەژێر کاریگەری هەلومەرجی جیهان و ناوچەکەدا، کوردستان لەبەردەم دەورەیەک لە ئاڵوگۆڕی تازەدا قەراری گرتوە. کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە و شکستی سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەسەڵاتی سی ساڵەی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستە کوردەکانی دووچاری دەورەیەکی تازە لە بنبەست و بێئاسۆیی کردوە. ئەوەی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردودا ناویان نابوو پشتیوانی ئەمریکا لە "کورد"، تەنها بەکارهێنانی ئەم حزبانە و دەسەڵاتەکەیان بوو لەلایەن ئەمریکاوە وەکو کارتی گوشار بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی خۆی. ئەم حزبانە لە ڕێگای خۆگرێدانەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە بە دەسەڵات گەیشتن و لە دەسەڵاتدا مانەوە، ئێستاش بە ناکامی و پاشەکشەی ئەمریکا، هەم دوچاری بێ ئاسۆیین و هەم دەکەونە بەر گوشاری هەمەلایەنەی دەسەڵاتی بەغدا و دەوڵەتانی ناوچەکە.

– بەدەر لەم ئاڵوگۆڕە تازانە، ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و چەوسێنەرە کە بە زەبری هێزی میلیشیایی داسەپێنراوە و بەسیناریۆی هەڵبژاردن ڕوپۆش کراوە، دوچاری قەیرانێکی هەمەلایەنەیە. بێتوانایی خۆی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە نیشانداوە. نەک تەنیا وەڵامی بۆ هیچ یەک لە کێشەکانی ئێستای ئەم کۆمەڵگەیە نییە، بەڵکو خۆی هۆکار و سەرچاوەی جۆرەها گرفت و کێشەیە. بێکاری و گرانی، نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، تاڵانکردنی مووچە و هاوکات سەرکوتی ئازادییە سیاسییەکان، لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا جەماوەری فراوانی خەڵکی لە ناو بێدەرەتانیدا نوقم بووە. دەسەڵات لەجیاتی وەڵامدانەوە بە خواست و دابینکردنی ماف و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، لەلایەکەوە بە ناوی فرۆشتن بە کەرتی تایبەت، کەرتە خزمەتگوزارییەکان هەراج دەکات و دەیدات بە کۆمپانیا و بەرپرسانی خۆیان و هێندەی تر قورسایی ژیان و گوزەران دەخاتە سەر شانی چینی کرێکار و جەماوەری خەڵک، لەلایەکی تریشەوە بە سەپاندنی باج و سەرانەی هەمەجۆر چەوسانەوەی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش چەند بەرابەر دەکاتەوە.

– ئەم دەسەڵاتە کە لە بنەڕەتەوە لەسەر بناغەی ستەمکاری و تاڵانگەری و داتەکاندنی گیرفانی چینی کرێکار و جەماوەری فراوانی خەڵک و کەڵەکەی سەرمایە و قەڵای سەروەت بۆ چینی بۆرژوازی دامەزراوە، هیچ چاکسازییەک هەڵناگرێت. ستەمگەری و چەوسانەوەی بێسنور خەسڵەتی ئەم دەسەڵاتەیە. بەڵام جگە لەم ڕاستییەش ئەزمونی چەندین ساڵی ڕابردو چەندینجار بە کردەوە ئەم ڕاستییەی سەلماندوە. ئەو هێزانەی بە بانگەشەی چاکسازییەوە هاتنە مەیدان و توانییان بۆدەورەیەک خۆشباوەری لەناو خەڵکدا دروست بکەن، لەم ڕێگایەوە خۆیان سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک کرد تا سوچێکی دەسەڵاتیان پێ ببرێت. لەئاکامدا زەبرێکیان لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی و لە خەبات و قوربانییەکانی خەڵکی نارازی دا و کردیان بە دەستمایەی سات و سەودا و شەریکبوونەوە لە دەسەڵات.

– هێشتا بەشێک لە بۆرژوازی نارازی لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئاسۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بە ئاڵوگۆڕی ڕوکەش و گۆڕینی دەموچاوەکان لەگەڵ هێشتنەوەی پایەکانی سیستەمی ئێستا تەنگ بکاتەوە. لە کاتێکدا بەدیهاتنی خواست و ئامانجەکانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و مامۆستا و فەرمانبەر و لاوان و ژنان لە هەنگاوی یەکەمدا لە گرەوی کۆتاییهێنان و ڕاماڵینی گشت دەسەڵات و سەرتاپای ئەو سیستەمە بۆرژوازیەدایە کە ئێستا ئەم کۆمەڵگەیەی نوقمی نەهامەتی کردوە.

– بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری کە خاوەن ئەزمونێکی چەندین ساڵە و خاراوە، ئیتر باڵە نارازییەکانی بۆرژوازی بەئاسانی ناتوانن یاری پێ بکەن و بەرەوهەڵدێری بەرن. ئەزمونی ١٧ی شوبات و خرۆشانە جەماوەرییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی، پشتی ئەم بزوتنەوەیەی بەهێز و مەحکەم کردوە. ئێستا بزوتنەوەیەکی جەماوەری تاڕادەیەک سەراسەری و ڕادیکال بە خواستی کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتەوە پێی لە مەیدان چەقاندووە. سەرباری سەرکوتگەری و پیلانگێری دەسەڵات، ئەم بزوتنەوەیە و نەفرەت و ناڕەزایەتی جەماوەری تا دێت پەرە دەگرێت و قوڵتر دەبێتەوەو بە ئاراستەیەکدا دەڕواتە پێش، کە لە سایەی ئاسۆ و ڕابەرایەتی و بەدیلێکی شۆڕشگێرانەدا، دەتوانێ هەوێنی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و کۆتاییهێنان بێت بەم دەسەڵاتە.

– لەدوای ڕوداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧وە، هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و ڕەوشی یاسایی کوردستان، ڕاستەوخۆ و جارێکی دیکە گرێی خواردووە بە هەلومەرجی سیاسی و ئابوری عێراقەوە. بەم پێیەش هەم هەلومەرجی سیاسی عێراق و هەم بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لە عێراق،

وەکو فاکتەرێکی گرنگی دۆخی ئێستا، کاریگەریی هەیە لەسەر دۆخی کوردستان. ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری شارەکانی عێراق، تەواوی هاوکێشەی سیاسی و پێگەی هێزە سیاسییەکان و هاوسەنگی نێوانیانی گۆڕی. ڕێکەوتننامەکانی پێشوی نێوانیانی هەڵوەشانەوە. هەموو ئەمانەش کاریگەری داناوە لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان بەگشتی و پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا بەتایبەتی. ئەم بزوتنەوەیە و ئاکامەکانی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بزوتنەوەی جەماوەری دژی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد.

کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجە سیاسییە و بەمەبەستی کۆمەککردن بە سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کوردستان دژ بە دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کورد، پیداگری لەسەر ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە دەکات؛

١/ هەوڵدان بۆ دابینکردنی ڕابەری و هەژمونی ئاسۆیەکی سیاسی شۆرشگێرانە و سۆشیالیستی بۆ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە پێناو کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پشت بەستو بە ئیرادەی ڕاسەوخۆی خەڵک.

٢/ سەرکەوتنی هەر نارەزایەتییەکی دیاریکراو لە دەوری داخوازی کاتی و دیاریکراو و سەپاندنی بەسەر دەسەڵاتدا، هەنگاوێکی گرنگە لە ڕێرەوی پەرەسەندن و پێشرەوی گشت بزوتنەوەکە لە پێناو ئامانجی کۆتایی. بەم پێیەش دەستەبەرکردنی تاکتیک و دروشم و شێوازی کارساز بۆ سەرخستنی هەر نارەزایەتییەکی دیاریکراو، بەپێی هاوسەنگی هێزو دوورگرتنی لەو شێوازانەی دەستی سەرکوت ئاوەڵا دەکات، مەرجێکی گرنگی پەرەگرتن و بەرەوپێشەوەچوونی بزوتنەوەکەیە.

٣/ پەردەهەڵماڵین لەسەر پلان و بەرنامەی ئەو هێزە بۆرژوازییە نارازیانەی کە دەیانەوێ بە پروپاگەندەی چاکسازی و ئاسۆی تەنگی ئاڵوگۆڕی ڕووکەش ئەم بزوتنەوەی بەرەو هەڵدێر بەرن.

٤/ دامەزراندن و شکڵدان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوەیی کرێکاران و بێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان و لاوان و ژنان و... لە بابەتی کۆبونەوەی گشتی و شوراو یەکێتی و نەقابەکان□.هتد. بەرێخستنی بزوتنەوەی کاری ڕاستەوخۆی جەماوەری بۆ دەرهێنانی بەرێوەبردنی کاروبار و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە دەست حزبە دەسەڵاتدارەکان.

٥/ برەودان و بەهێزکردنی هاوپشتی نێوان بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە کوردستان و عێراق.

٦/ وەستانەوە بەرامبەر زەخت و زۆری سیاسی و ئابوری و سەربازی حکومەتی مەرکەزی دژی خەڵکی کوردستان و بە بارمتەگرتنی نان و گوزەرانی خەڵک، بە بیانوی پابەند نەبوونی حکومەتی هەرێم بە ڕێککەوتنەکانیان. نابێ بە هیچ پاساوێک قوتی خەڵک تێکەڵ بە کێشە و ناکۆکی نێوان هەردوو حکومەت بکریت.

٧/ دەرکەوتنی حزب وەکو ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی و شۆڕشگێر و خوازیاری گۆڕینی دەسەڵات و ڕابەر و ڕێکخەری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری.

٨/ بەرینکردنەوەی نفوزی کۆمەڵایەتی حزب و دامەزراندنی ڕێکخراوە و کۆمیتە کۆمۆنیستیەکانی حزب لە شار و ناوەندەکاندا. گۆڕینی حزب بە حزبێکی جەماوەری خاوەن ڕێکخراوی پتەوی کۆمۆنیستی بەتایبەت لەناو کرێکاران و ژنان و لاواندا.

کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دیسەمبەری ٢٠٢١

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەموو دەرفەتێکی شۆڕشگێڕانە و سیناریۆ جیاوازەکان کەڵک وەردەگرێت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و پیادەکردنی بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار. بەڵام گونجاوترین وعەمەلیترین سیناریۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە و سەرخستنی، تێکەڵاوێکە لە شێوە جیاجیاکانی خەباتی ئابوری و سیاسی و..... جەماوەریی بەهێز و پەرەسەندوی ئەوتۆ کە هەم بتوانێ دەسەڵاتی ئێستا بخاتەژێر گوشارێکی توند و بەردەوامەوە، هەم بزوتنەوەی جەماوەریی ئێستا بەرەو هەستانێکی جەماوەری بەهێز و شۆڕشگێڕانە ئاڕاستە بکات. هەستانێکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کە چینی کرێکار بڕبڕە پشت و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕابەر و ڕێکخەر و سۆشیالیزم ئاسۆکەی بێت.**

# کۆتاییهێنان بە دۆخی چەقبەستوی سیاسی عێراق هاتنە مەیدانی هۆشیارانەو ڕیزی سەربەخۆی جەماوەری پێویستە!

دەشتی جەمال

هەلومەرجی سیاسیی عێراق و کێشەمەکێشی لایەنە سیاسییەکانی نیو باڵە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی دوای زیاتر لەسێ مانگ لە سیناریۆ و ساختەکاری بۆ بەشکردنی دەسەڵات و پۆست و داهاتی کۆمەڵگا بۆ پێکهێنانی حکومەت لەعێراقدا، ئەمجارەش چۆتە گرەوی ململانێ وکێبەرکێی هەردوو جەمسەری دابەشبووی نێو ئیسلامی سیاسی شیعە کە لایەکیان باڵی سەدر و سوننەن و خۆیان بە براوەی هەڵبژاردن دەزانن و ئیدعای پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینەی نیشتیمانی دەکەن و ئەمریکاو دەسەڵاتدارانی خلیج لایەنگری ئەم جەمسەرەن و هەروەها لایەکی تر کە لە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەی سەر بە ئێران کە مالکی لەدەوڵەتی یاسا وحەشدی شەعبی و بەشێک لەسوننەکانن و هێزە تایفییەکان پێکهاتوون وبەشێکیش بەحساب بڕیاری مانەوە بە ئۆپۆزسیۆنی ئەو حکومەتەیان ڕاگەیاندوە کە لەسەر دەستی ئەو هێزانە پێکدێت. بەمجۆرەش مەسەلەی ئارایشتدانەوەی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی لەعێراقدا بەقەیرانی خنکێنەر وقوڵی حکومەتدا گوزەردەکات. کەبێگومان ئاکام و لێکەوتەی فراوان لەسەر ڕەوتی خەباتی چینایەتی دادەنێ.

بێگومان ئەم دۆخەش بۆتە سەرچاوەیەک بۆ ئەو لێکترازانەی کە لە نێوان حزب و لایەنەکاندا سەریهەڵداوە ولێرەشەوە ڕیزبەندی سیاسی تازەی نێوان لایەنەکان لەحاڵەتی شکڵگرتندایە. بەڵام ئەم ڕووداوانەو ئەم گۆڕانکارییانەی کە هێزەکانی چینی بۆرژوازی لەڕەوتە ئیسلامیەکانەوە تا ناسیونالیزمی عەرەبی و تا حزبە قەومیەکانی کوردستان، دەرهاویشتەی دوو مەسەلەی سەرەکییە؛

یەکێکیان نارەزایەتیی جەماوەریی خەڵکە بەرامبەر بەمانەوەی ئەو هێزانە کە لە وەڵامدانەوە بەخواستەکانی خەڵکی بۆنان وئازادی وخۆشگوزەرانی وئەمنییەت و ئاسایش وفەراهەمکردنی مافە فەردی و مەدەنی و یاساییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا، وە قڵشتی نێوان خەڵک ودەسەڵاتی بەوپەڕی خۆی گەیاندوە کە بەسزای بەشدارینەکردن لەهەڵبژاردنی ئەم لایەنە جەردەو تاڵانچیانە و دروشمی "ارحل"ی نارەزایەتییەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ شکڵی گرت وخوازیاری کۆتایی ئەم دەسەڵاتە میلیشایی و تایفییانەن.

لایەنێکی تریش ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە لەسایەی کێشمەکێشی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکاندا هاتوونەتە ئاراوە کە ئەویش شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکاو لاوازیی پێگەی لە ناوچەکە و کۆتاییهێنان بەجەنگی بەوەکالەت، دووفاکتۆرن کە هەڵقوڵاوی ئەو هەلومەرجە تازەیەن کە هاتۆتەئاراوە و فشاری گەورەی داناوە لەسەر پێکهێنانی حکومەت و سەرلەنوێ سازدانەوەی دەوڵەت لە عێراقدا. ئەم ڕەوەندە تازەیە تێپەڕکردنی دۆخێکە بۆ دۆخێکی تر، بەجۆرێک لێکترازانی لەنێو ڕیزەکانی بۆرژوازی لە عێراقدا و هاوپەیمانیی هەندێک باڵ ولایەنی سیاسی دروستکردوەو پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی قورسکردوە.

ئەمجارە ناسیونالیزمی عەرەبی زەربەخواردووی پێشوو خەریکە ملی لاری بەرز دەکاتەوە کە لەگەڵ باڵی سەدری ئیسلامی سیاسی شیعە خۆی جووتکردووەو سعودیە و قەتەرو ئیمارات و تورکیاش تەواوی هەوڵەکانیان بۆ توندکردنەوەی جەبهەی خۆیانە. لایەکی تریش ئێرانە و باڵەکانی لایەنگرێتی لە ئیسلامی سیاسی شیعە لە عێراق کە خۆی لە حەشدی شەعبی و بەشێک لەسوننەکان دەگرێتەوە، کام لایەیان دەستی باڵای دەبێت وە زووتر خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ ئەو دۆخەتازەیەدا، شەڕی ئەوانە، تەجروبەی چەند ساڵی ڕابردوو نیشانیداوە بەتەوافق یان بێ تەوافق ڕێکەوتن یان ڕێک نەکەوتنی وهاوپەیمانی ئەم هێزانە هیچیان لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە سەرجەم ئەو هێزو لایەنە سیاسییانەی بەشدار لەو پرۆسەیەدا خەمو هەمیان مەسەلەی ئابووری و بازارە، شەڕی ئەوان شەڕی دەسەڵات و پۆست و حکومدارییە لەسەر حسابی هەژاری وبێکاری و نەبوونی تەواوی خزمەگوزارییە گشتییەکان وهەڕاجکردنی کەرتی حکومی و درێژەدانە بە سیاسەتی سک هەڵگوشین بەسەر خەڵکی کرێکاروزەحمەتکێشی عێراقدا،تەئمینکردنی حەوزەی کاری هەرزانە و قازانجی زیاترە لەسەر حسابی خەڵکی بەشمەینەتی عێراق وکوردستان.

لەجەرگەی ئەم دۆخە سیاسییەدا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی وپارتی دۆسیەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقیان کردۆتە دەروازەیەک بۆ شاردنەوەی تەواوی گرفتە ناوخۆییەکانی قەیرانی دەسەڵات وبنبەستێک کە تێیکەوتوون بەرامبەر بەنارەزایەتییەکانی خەڵک. بەلێدوان و قەوانی سواوی فیدرالیزمێک وەک سیستەمێکی دابەشکردنی قەومی و مەزهەبی کە ١٩ساڵە لە عێراقدا پیادەی دەکەن، کە جگە لە خولانەوەی هێزەکانی شیعەو سوننە و کورد لەبازنەیەکی داخراوی شەڕی بەرژەوەندی و شەریکبوون لەداهاتی عێراق و پۆستە سیادییەکان و تاڵان و بڕۆ بۆخۆیان و بێکاری وهەژاری وبرسێتی و

⇦

بێموچەیی وئاوارەیی وەدەربەدەری، هیچی تری بۆ خەڵکی کوردستان لێ سەوزنەبووە.

لەنێو ئەم دووجەمسەرە دابەشبووە و هاتنەپێشەوەی ڕەوەندە تازەیەدا تائێستا پارتی بەرەی سەدری ئیسلامی سیاسی شیعەو خلیج و تورکیای هەڵبژاردووەو بەشوێن بەرزکردنەوەی جێگاوڕێگای خۆیەوەتی لەنێو ئەو دابەشبوونەدا و هەرچی یەکێتییشە لەبەرەی ئێران و حەشدی شەعبیدا ڕاوەستاوەو کێشەیان لەگەڵ پارتی درێژکراوەی ئەو بەرەو بەرژەوەندییە ناکۆکانەن کەدەیەوێت بارودۆخی سیاسیی عێراق و حکومەتەکەی بەئاراستەی یەکلایی کردنەوەدا بەرێت.

خەڵکی کوردستان لەکایەی سیاسی نێوان دەسەڵاتدارانی قەومی وئیسلامی ناوەندو دەسەڵاتدارانی ناسیونالیزمی کورد تەنهاو تەنها زەخیرەو سەرمایەی چەرخاندنی ئەم کێشەوململانێیانەن. لەکاتێکدا خەڵکی کرێکاروزەحمەتکێشی کوردستان هیچ قازانج و بەرژەوەندی وتەبایەکیان لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو لایەنانەی نێو ئەو دووبەرەیە نیە، ئەوە شەڕ و کێشەی دووباڵی بۆرژوازییە، بۆرژواناسیونالیست و بۆرژوا ئیسلامی. ئەوان دەیانەوێت وەک پاڵەوانی نەتەوەیی وبەرگری لە نیشتیمان وخاکەوە ڕامان بکێشنەوە نێو جەنگی دەسەڵاتی خۆیان تازیاتر پایەکانی دەسەڵاتدارێتی خۆیان قایم وبەهێزبکەن بەرامبەر بە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق وکوردستان. وەڵامی شایستە ڕاوەستانەوەیە بەدژی هەردوو ئەوبەرەیە.هەربۆیە ئەم هەلومەرجە بوار دەکاتەوە بۆ دەخاڵەتی جەماوەری ناڕازی وهاتنەوە مەیدانیان بە گوڕ وتەوژمێکی نوێوە لەدەوری ئاسۆیەک کە ڕووی لە هەڵپێچان وکۆتاییهێنان بێت بەڕۆڵی ئەو هێزە کۆنەپەرست وئیسلامی و قەومیانە تا ئاستی خستنەڕووی بەدیلی سیاسی بۆ حکومەت و دەسەڵاتی ئێستا لە عێراق وکوردستاندا. ئەمەش ئەرکێکی ڕانەوەستاو دەخاتە ئەستۆی کۆمۆنیستەکان وهەڵسوڕاوانی نارەزایەتییەکان چ لە ئێستا وەیان ئایندەدا، بە نەخشەو بەرنامە، هەنگاوبەهەنگاو گەورەکردنەوەی ئەو نارەزایەتییانە بەڕووی ئەم دەسەڵات وحزبانە. کۆمەڵگای عێراق و کوردستان ئەزموونی دەسەڵاتی ئەم حزب ولایەنە سیاسی و قەومی و ئیسلامییانە کرد کە هیچیان لەژیان و گوزەرانی خەڵک نەگۆڕی. ئێستا ئێتر لەگۆڕنان وهەڵپێچانی ئەو سیستەم و دەسەڵاتەی ئەوان و گۆڕینی بەسیستەم و دەسەڵاتێکی پشتبەستوو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری بەدیلێکی شۆڕشگێڕانەو دەسەڵاتدارێتی خەڵکییە.

هەر حزب ولایەنێکی سیاسی کە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق وکوردستاندا جووتە، پێویستە سەربەخۆ و ڕێکخراو لەپێناو سەرخستنی ئەرکەکانی ئەم قۆناغەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان تەواوی هەوڵ و تەقەلای خۆی بخاتەگەڕ و لەپێناو دابینکردنی ڕابەرییەکی هۆشیارو شۆڕشگێڕ، بەئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەو ڕزگاری کۆمەڵگا لەدەست هەموو ئەو هێزانەی کە خولقێنەری ئەم دۆخەن، تێبکۆشێت.

★

**کارنامەی ٣٠ ساڵی دەسەڵاتی حزبە ناسیونالیستەکان، بە جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخوازی نیشانداوە کە ئەو دەسەڵاتەی ئەم حزبانە بەناوی دەسەڵاتی خەڵک و سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی ئەوانەوە پروپاگەندەی بۆ دەکەن، نەک هەر دەسەڵاتی خەڵک نییە، بەڵکو لەسەر بناغەی پێشێلکردنی ئیرادە و مافەکانی ئەوان دامەزراوە. ئەم کارنامە ٣٠ ساڵە شتێک نییە جگە لە بردنی کۆمەڵگە بۆ ناو شەڕ و کوشتاری کۆنەپەرستانەی ناوخۆیان لەسەر دەسەڵات، بوونیان بەپاشکۆی زلهێزە جیهانیەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و راپێچکردنی کوردستان بۆ ناو سیناریۆ تەڵخەکان، گەندەڵی و تاڵان و برۆیی بێسنوری داهاتی کۆمەڵگە، سەرکوتی ئازادی و نارەزایەتیە جەماوەریەکان و نەیارانی سیاسی دەسەڵات، تیرۆر و ڕەشەکوژی بەربڵاوی ژنان و ... تاد. ئەمانە بوونە زەمینە و بنەماکانی پەرەگرتنی ئەو بزوتنەوەی نارەزایەتیە جەماوەریە کە لە ١٧ی شوبات و خرۆشانە جەماوەریەکانی دیکەدا بە دروشمی "بروخێ" و بەدەنگی بەرز "نا" وتن بەم دەسەڵاتە پێی ناوەتە مەیدانەوە. هەرچەندە بەردەوام ئەم بزوتنەوەیە سەرکوت کراوە، بەڵام خواست و ئامانجەکانی بەهێزی خۆیەوە ماوەتەوە و بەردەوامیش بەرەو قوڵبونەوە و رادیکاڵبونەوەی زیاتر ڕۆیشتوە و پێویستیی ئاڵوگۆری شۆڕشگێڕانەی ئەم هەلومەرجەی نەک هەر بۆ چینی کرێکار، بەڵکو بۆ هەموو جەماوەری ستەمدیدە بەرجەستە کردوە.**